پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی^ دەکردە نێو دەستەکانی، وموعەویزاتی^^ دەخوێند، وپاشان دەستەکانی مەسح دەکرد بەسەر لاشەیدا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بچووایەتە سەر جێگاکەی فووی^ دەکردە نێو دەستەکانی، وموعەویزاتی^^ دەخوێند، وپاشان دەستەکانی مەسح دەکرد بەسەر لاشەیدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر هەر شەوێک بچووایەتە سەر جێگاکەی، هەردوو دەستەکانی پێکەوە دەلکاند وفووی دەکردە نێویان، وپاشان ئەم سورەتانەی دەخوێند: «قل هو الله أحد -سورەتی الإخلاص-، وقل أعوذ برب الفلق -سورەتی الفلق-، وقل أعوذ برب الناس -سورەتی الناس-» پاشان بە هەردوو دەستی لاشەی مەسح دەکرد بە هەرشوێنێک بیتوانیایە دەستی پێبگات، سەرەتا لە سەری ودەموچاوی، وپێشەوەی لاشەی دەستپێدەکرد، ئەمەی سێ جار ئەنجامدەدا». ^(مەبەست لێرەدا فووکردنە بە دەرکردنی سەری زمان کە هەندێک تەڕی ئاوی ناو دەمی لەگەڵ دەردەچێت، وەکو تفکردن نیە، لە زمانی عەرەبی پێی دەووترێت -نَفث:نەفث-).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

سوننەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وابوو کاتێک بچووایەتە سەر جێگاکەی بۆ خەوتن هەردوو دەستی کۆدەکردەوە وبەرزیانی دەکردەوە -هەروەکو چۆن یەکێک نزا دەکات- ونەفثی^ پیا دەکرد وسورەتەکانی (الإخلاص والفلق والناس)ی دەخوێند، پاشان بەهەردوو دەستەکەی لاشەی مەسح دەکرد هێندەی بتوانێت، سەرەتا بە سەر وڕوو وبەشی پێشەوەی لاشەی دەستپێدەکرد، ئەمەی سێ جار دووبارە دەکردەوە. ^(مەبەست لە -نفث- لێرەدا فووکردنە بە دەرکردنی سەری زمان کە هەندێک تەڕی ئاوی ناو دەمی لەگەڵ دەردەچێت، وەکو تفکردن نیە، لە زمانی عەرەبی -پێی دەووترێت -نَفث:نەفث-)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65060